## بەیاننامەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

## بەبۆنەی ١١یەمین ساڵوەگەڕی تیرۆرکرانی رێبەری هەڵکەوتوو ، کاک سەعید یەزدانپەنا

**خەڵکی بەشەرەفی کوردستان !**

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان !**

**پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان ؛ دۆستان ، لایەنگران !**

٢٨ی خەرمانانی ئەم ساڵ رێکەوتی ١٩ی سیپتامبری ٢٠٠٢، ١١ ساڵ بەسەر تیرۆرکران و گیانبەختکردنی رۆڵەی هەڵکەوتووی گەلەکەمان ، دامەزرێنەری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ، کاک سەعید یەزدانپەنا دا رادەبرێ .

١١ ساڵ لەمەوبەر ، لە کاتێکا ، زیاتر لە ٤ مانگ لە دامەزرانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان تێنەپەڕیبوو کاک سەعیدی خەباتگێڕ ، ئێوارەی ئەو رۆژە لە شاری سلێمانی کەوتە بۆسەی تاقمێکی بەگرێگیراوی تێرۆریستی رێژیمی تێرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی و بە داخەوە هەرلەجێدا گیانی سپارد .

رێبەری شەهید کاک سەعید ، لە حاڵێکدا دەستی رەشی تێرۆری گەیشتێ کە زیاتر لە نیوەی تەمەنی کورتی لە خەبات و تێکۆشاندا رابوارد بوو و لە دەمێکدا ماڵئاوایی کرد کە پتر لە هەروەختێکی دیکە ، بۆ خەبات لە پێناو کورد و کوردستاندا لە جۆش و خرۆشدا بوو.

هاوڕێی خەباتگێڕ ، کاک سەعید یەزدانپەنا ساڵی ١٩٦٤ی زایینی لە گوندی " سەقزلوو "ی سەر بە شاری بۆکان ، لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری فەیزوڵڵابەگی چاوی بە دنیای پڕ مەینەت و کوێرەوەریی کورد هەڵێنا . لە تەمەنی ٦ ساڵییەوە لەشاری بۆکان خرایە بەر خوێندن و تا دوایین رۆژی خوێندن لە خوێندکارە هەرە زیرەك و بەناوبانگەکانی شارەکە بوو . لە ساڵی ١٩٧٨ەوە ، هاوکات لەگەڵ دەسپێك و پەرەگرتنی خەباتی گەلانی ئێران لە دژی رێژیمی حەمەرەزا شا ، هەرچەن هێشتا زۆر لاو بوو ، رووی لە تێکۆشانی سیاسیی کرد . کاک سەعید کە ئەودەم خوێندکارێکی دەبیرستانیی بوو ، لە رێکخستن و جۆشدانی خوێندکارانی دەبیرستان بۆ سازکردنی خۆپێشاندان لە دژی رێژیم، دەوری بەرچاوی هەبوو . بەشدارێکی هەوەڵ تا ئاخری کۆبوونەوەکانی مزگەوتی جامیعە بوو کە ئەو رۆژانە ببووە ناوەندی باس و راوێژ و تەگبیری سیاسیی بۆ چۆنیەتی درێژە دانی خەبات لە دژی رێژیمی شا . بە کرانەوەی دەفتەری " رێکخراوی چریکە فیدائیەکانی گەلی ئێران " لە بۆکان ، وەك تێکۆشەرێکی تەواو وەخت چووە ریزی ئەو رێکخراوەوە . پاش هێرشی هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە یەکەم ساڵی ئازادیدا و داگیرکردنەوەی کوردستان ، لە دەورانی شەڕی ٣ مانگەدا ، لە چالاکترین ئەندامانی شانە چەکدارەکان بوو و گەلێك قارەمانەتی تۆمار کرد . کەم شەقام و کۆڵان و سەر کۆڵانی ئەو شارە هەبوون سەعیدی دەموچاو پۆشراوی چەك بەدست نەناسن . کەم گاراج و گەرماوی گشتی و نانەواخانە هەبوون نەبووبنە جێ کەمینی سەعیدی شۆڕشگێڕ بۆ پاسدارانی کۆنەپەرستی . قەڵای سەردار و حەوزە گەورەی بۆکان شایەتی مێژویین بۆ سەعید کە چلۆن لە سەردەمێدا کە هێزە داگیرکەرەکانی رێژیم لە کوردستان زەبروزەنگیان دەنواند و پۆل پۆل رۆڵەکانی کوردیان رەوانەی

مەیدانەکانی ئیعدام دەکرد ، ئەو لەگەڵ هاوڕێ و برا و هاوسەنگەرانی بەوەجیدا ، دەیان جار هەیبەتی داگیرکەرانیان شکاند .

کاك سەعید ، خەباتگێڕێکی وریا ، لێهاتوو و خاوەن کەسایەتیی بەهێز بوو . لە ریزەکانی رێکخراوەکانی فیدائی دا ، بەردەوام لە گەشەی سیاسیی و رێکخراوەییدا بوو . بە لێوەشاوەیی خۆی بە تەمەنێکی کەمەوە ، گەیشتە ئاستی رێبەرایەتی و هەڵگرتنی بەرپرسایەتی گرینگ . تا دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بەماوەی ٦ ساڵ بەرپرسی دووهەمی " رێکخراوی چریکە فیدائیەکانی گەلی ئێران " و بەرپرسی کۆمیتەی کوردستانی بوو . لە ریزەکانی ئەو رێکخراوانەدا ، لە کۆبوونەوەکان و کۆنفرانسەکانیاندا ، کاك سەعید وەك کوردستانییەکی نیشتمانپەروەر هەڵوێستی دەگرت و دەورێکی گرینگی لەسەر بڕیارنامە و پەسندکراوەکان سەبارەت بە کێشەی کورد دەگێڕا . بیری پیرۆزی کوردایەتی چەن ساڵێك پێش دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان هێنابوویە سەر ئەو قەناعەتەی رێکخراوێکی کوردستانی دامەزرێنێ و بۆ عەمەلی کردنی ئەو فکرە چاوەڕێی دەرفەتی سیاسیی بوو . سەرنجام لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩١ەوە کەوتە جمۆجۆڵ بۆ دامەزراندنی ئەو رێکخراوە سیاسیەی لە مێژ بوو بیری لێدەکردەوە و پاش چەن مانگ ئامادەکاریی ، لە سەرکردایەتی ژمارەیەك لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی لە مێژینەیدا یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانی بۆ خەبات لە پێناو رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان و ئازادی و بەختەوەری کورد، دامەزراند؛ سیاسەت و هەڵوێستە سەرەتاییەکانی گەلاڵە کرد و وەك مانیفێستی خەباتی شۆڕشگێڕان بڵاوکرایەوە .

کاك سەعید شۆڕشگێڕێکی زانا و وشیار بوو . بێجگە لە هونەری سەرکردایەتی و رێکخستن و شەڕی پارتیزانی ، خاوەن قەڵەمێکی بە بەهرە و برشت بوو . سەدان وتار و لێکۆڵینەوەی سیاسیی و فکری لەسەر بارودۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان و جیهان بە زمانەکانی کوردی و فارسی بڵاوکردۆتەوە .

بە دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ، سەردەمێکی نوێ لە ژیان و خەباتی کاك سەعید دەستیپێکرد . کاك سەعیدی نەمر ، بۆ وەسەرپێ کەوتن و گەشە و هەڵدانی شۆڕشگێڕان شەو و رۆژی پێکەوە گرێدەدا ، هەڵدەسووڕاو ماندوویی نەناسانە تێدەکۆشا . ئەو خەباتگێڕە نەسرەوتووە کە لە ماوەی خەباتیدا شایەتی گیانبەختکردنی برا و گەلێك لە هاورێکانی بوو ، لە پاش دامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە جۆرێك هەستی بە ئاسوودەیی رۆحیی و سەربەرزی دەکرد کە دەیفەرموو ئێستا ئیتر دوای دامەزرانیشۆڕشگێڕان، ئەگەرکاتی مەرگیش گەیشتبێ ، بەلامەوە گرینگ نییە .

رێژیمی داگیرکەر و تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی کە دەوری کاك سەعیدی لە بزوتنەوەی کوردایەتی و لە یەکێتی شۆڕشگێڕاندا باش دەزانی و لە دایکبوونی رێکخراوێکی نەتەوەیی کوردستانی بە مەترسییەکی گەورە بۆ خۆی دادەنا ، زۆر زوو لە ی.ش.ك کەوتە پیلانگێڕی و یەکەم شاڵاوی تێرۆری خەباتگێڕانی کوردی رۆژهەڵاتی لە کوردستانی باشور ، بەتێرۆری رێبەری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ، کاك سەعید ، دەسپێکرد .

رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەگەر لە لایەك بەو تاوانە ، ویستی کاك سەعید وەك شۆڕشگێڕێك لە سەر رێ لابا ، لە لایەکی دیکەوە بەو خەیاڵە مەست بوو کە بە تێرۆر کردنی ، یەکێتی شۆڕشگێڕانی تازە لەدایك بوو ، هەر لە بێشکەدا لەناوبەرێ . بەڵێ ! دوژمنی داگیرکەر و نەیارانی رێبازی رەسەنی کوردایەتی ، چاوەڕوان

بوون سەعید و یەکێتییەکەی پێکەوە بنێژن . بەڵام هەرچەن ماڵئاوایی ناوەختی کاک سەعید ، خەسارێکی گەورە بوو بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و برینێکی قووڵی خستە سەر جەستەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ، جوامێری و خۆڕاگری هاوڕێ و هاسەنگەرە وەفادار و کۆڵنەدەرەکانی شەهید سەعید ، خەیاڵی دوژمنان و ناحەزانیان کردە بڵقی سەرئاو و خوێنی ئاڵی رێبەری لێوەشاوەیان کردە هێزی هەستانەوە بەرامبەر دوژمن و زۆر زوو هەموو لایەکیان بە دۆست و دوژمنەوە دڵنیا کرد کە رێگەی سەعید درێژەی هەیە و زەبروزەنگ و تیرۆر ناتوانێ کار لە ئیرادەیان بکا .

ئێستا کە ١١ ساڵ بەسەر ئەو رووداوە تاڵەدا تێدەپەڕێ ، کاک سەعید رۆژ بە رۆژ زیاتر چۆتە دڵی کۆمەڵانی خەڵکەوە و مانی هەتا هەتایی مسۆگەر کردوە . یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانیش بە تێکۆشان و کۆڵنەدان، لە سایی خوێنی شەهیدان و بەهەستان و گلان، ساڵ بە ساڵ زیاتر گەشە دەکا، بەهێزتر و جەماوەریی تر بووە و بۆتە قەوارەیەکی سیاسی، رێکخراوەیی و پێشمەرگەیی و لە بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا جێگە و سەنگی سیاسی دیاری خۆی هەیە. ئاخوندە تیرۆریست و مرۆڤکوژەکانی فەرمانرەوای ئێرانیش ناو زڕاوتر و چارەرەشتر دەبن و تیرۆر و تیرۆریستانیش، کەوتوونەتە بەر شەپۆلی بەرینی نەفرەت و تووڕەیی هەموو دنیا و چارەنووسێکی رەش لە چاوەڕوانییاندایە . ئێمە دڵنیاین ئەو رۆژەی تەخت و بەختی فەرمانرەوایانی تیرۆریستی ئێران بەدەستی بەتوانای کۆمەڵانی خەڵك هەڵدەگەڕێتەوە و بکوژانی رۆڵەکانی گەلی کورد لە دەستی عەداڵەتدا گرفتار دەبن ، درەنگ یان زوو دەگاتێ.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ، لە ١١یەمین ساڵوەگەڕی تیرۆرکرانی رێبەری هەڵکەوتوویدا ، پەیمانی لەگەڵ نوێ دەکاتەوە کە درێژە دەری رێگا پیرۆزەکەی : خەبات بۆ رزگاری و سەربەخۆیی و دیمۆکراسی و دادپەروەری و ئاشتی و مافەکانی مرۆڤ بێ .

هەر لەم رۆژەدا سلاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی ئەو خەباتگێڕانەی پەیمان و بەڵێنیان لەگەڵ کاک سەعید بردە سەر و بە دوای رێبەری شەهیدیاندا ، لە سەنگەرەکانی بەرەنگاری و بەرگری لە کورد و کوردستان، لە ئەشکەنجەگاکانی رێژیم، یان لە پیلانی دوژمن و خەیانەتی چڵکاوخۆران و بەکرێگیراوانیاندا گیانیان بەخت کرد .

سڵاو لە رێبەری شەهید ، کاک سەعید یەزدانپەنا سەر قافڵەی شەهیدانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان .

سڵاو لە سەرجەم شەهیدانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد

راوەستاو بێ یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان ئاڵا هەڵگری رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان

**کۆمیتەی ناوەندی**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

٢٠٠٢/٩/١٩